## با بەئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی و مرۆڤانەمان هەڵسین.



ڕێپێوانی منداڵانی کورد لە یادی 16. 3. 1988 لە وڵاتی سویسرا بۆ بەردەم باڵوێزخانەی ئەڵمانیا –چاك.

بانگەوازێ بۆ هەموو کوردان و مرۆڤ دۆستان.

خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان. ئازادی خوازانی جیهان.

لای هەموان ئاشکرایە کە گەلی کورد لەدێرزەمانەوە لەسەر دەستی داگیرکەران و مرۆڤ کوژانی جیاجیادا توشی ئازارو ئەشکەنجەیەکی نامرۆڤانە بووە.

دواینترین وئاشکراترین و دڵتەزێن ترینیشیان ئەو تاوانانەیە کە ڕژێمی بەعسی بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان کردی هەرلەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالەوە تادەگاتە کوشتنی لاوانی کورد بەبێ تاوان لەسەرشەقامەکان و بەبەر چاوی کەس وکارو خەڵکیەوە و دەستدرێژی کردنە سەرکەرامەت وتاڵانکردی سەروەت و سامانیان و بەکورتیەکەی کارکردن بۆلەناو بردنی کوردو کوردستان پێکەوە.

ئێستاکە ئەو ڕژێمە کۆتایی بە دەستەڵاتی هاتووە ژمارەیەك لە بەرپرسانی لەسەرویانەوە سەدام وعەلی کیمیاوی و. . . . . . . . . . . .لەزینداندان و ژمارەیەکی یەکجار زۆریشیان یان لەکوردستانن یان لەدەرەوەی وڵات نیشتەجێ بوون و بێ خەم و بێ ترس دوورلەچاوی یاساو لێپرسینەوە.

ئەرکەکانمان لە دەرەوەی وڵات:

1 – بە حوکمی سەروەری یاساو ڕێزگرتن لە داوای داواکاران لە دەرەوەی وڵات. باهەمومان هەوڵبدەین دەست نیشانی تاوانباران بکەین هەریەکەمان لەو وڵاتەی تیادا دەژی.

2 – چاك (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد) ئامرازی دەستی گەلی کوردە بۆ گەیاندنی تاوانباران بە دادگا.

3 – دەتوانن لە ڕێگایی ماڵپەڕی چاك ەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن. chak_org@yahoo. com

4 – ناو ناونیشانی دڵسۆزانی کوردو مرۆڤ دۆستان پارێزراو دەبێت و چاك بەرپرسیارە لە پاراستنی.

5 – تکامان وایە زانیاریەکانتان بەڵگەدار بن.

لە ناوکوردستاندا:

1 – پێویستە دڵسۆزان و خەمخۆران و ڕۆشنبیران. کەسوکاری قوربانیان و شەقامی کوردی هەڵخڕێنن بۆ بەدادگایی گایاندنی تاوانباران.

2 – پێویستە بەڕێزان هەردوو سەرۆکی (کۆماری عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان) دەستەڵات و نفوزی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئاشکراکردن و دادگایکردنی تاوانباران.

3 – پێویستە لەسەر بەڕێزیان کار بۆ بەیاسایی کردنی ئەم پێشنیارەی چاك بکەن.

4 – پێویستە لەسەربەڕێزیان لەڕێگایی یاساوە بودجەی پێویست بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم داوایەی چاك دیاری بکەن.

5 – داواکاریشین لە هەموو حیزبەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی خوێنی پاکی شەهیدانی گەلەکەمانیان لە یاد بێت و ڕیزەکانی خۆیان پاك بکەنەوە لە سیخوڕو تاوانبارانی ئەنفالچی.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن وجینۆسایدکردنی گەلی کورد –چاك
www. chak. info6-7-2005
Chak_org@yahoo. com